ولاتپارێزی لە ڕوانگەی فمینیستیەوە

فەخریە ئادسای

لەم ساڵانەی دواییدا لە ناو کوردانی باکور ناسنامەی ژن بوون زۆر لەدوای زۆر زیاتر گەشە و پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە. بەڵام ئەو کاتانەی سەیری هەواڵ و لێکدانەوەکان سەبارت بە ژنە سیاسیەکانی کورد دەکەین یان بە گشتی کاتێک ئەڕوانینە وتاری سیاسیەکانی کورد، ئەبینین ناسێنەی کوردبونی ژنانی کورد بەرە بەرە بەرەو کزی هەنگاوی ناوە. وەک هۆکاریش باسی ئەوە ئەکرێ کە نەتەوەخوازی یان سیاستی ناسنامە لە هەمبەر فاشیزم یان مافی ژنانە. نەتەوەخوازی و فێمینیزم قەت ناتوانن پێکەوە تەبا بن. فێمینیزم و نەتەوەخوازی لە دژی یەکن، بەرژەوەندی نەتەوەیی یان تەڤگەرە نەتەوەییەکان بەردەوام مافەکانی ژنان هەڵدەپەسێرن یان ئاستەنگیان لەبەر دەم پێکدێنن. لە لایەکی ترەوە لەناو دەقی کوردستان و کوردەکاندا، سیاستی ناسێنەیی و نەتەوەخوازی وەک ڕەگەز پەرەستی پێناسەی بۆ ئەکرێت. هەر دووکیانیش پەیوەندییە سیاسی، دیرۆکی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بڕیوەو بە کوردەکان ئەوترێ کە پێوویستە لە هەر دووکیان دوور بکەونەوە. لەم وتارەدا لەسەر ئەمە پێداگری ئەکەم کە بەرژەوەندی فێمینیستی و نەتەوەیی دژایەتییان لەگەڵ یەکتردا نییە. لە ناودەقی کوردستانیشدا ڕوانگەی بەرژەوەندییە فێمینیستەکان پاڵپشتی لە ڕوانگە نەتەوە پەروەرییەکان ئەکەن. هۆکاری ئەوەیکە من نەتەوەخوازی ئەکەمە مژاری سەرەکی ئەم باسە ئەمەیە: لەبەر ئەوەیکە ئەم تێگە یان چەمکە بەردەوام دوور لە پەیوەندییەکانی خۆی ڕاڤە و نرخاندنی بۆ ئەکرێ، بە مانای

نەرێنـی بـارگاوی ئەکرێـت و زۆرینـەی کـوردەکان ناتوانـن یـان شـەرم ئەکـەن راشـکاوانە ئەمە دەربـڕن یان بپیارێـزن. مـن هـەوڵ ئـەدەم ئـەم بۆچـوونەیـە بشـکێنم. لەنـاو سـازی و ڕێکخسـتنەکانی کـوردان یان ئـەو دام و دەزگایانـەی خۆیـان نزیـک لـە کـوردەکان نیشـان ئـەدەن، لەنـاو سـێمینار، کۆنفرانـس و پەنێلـەکان و... یـان چاپەمەنـی کوردەکانـدا، ئـەم بابەتـە قـەت نەبـووە بـە ڕۆژەڤ یـان هەندێـک حـەز ناکـەن کـە بێتـە نـاو ڕۆژەڤ و بـەردەوام خراوەتـە دەرەوەی مشـت و مـڕەکان. تەنانـەت گـەر هاتبێتـە نـاو ڕۆژەڤیشـەوە، تەنیـا بـە مەبەسـتی مەحکومکـردن یـان ڕەشـکردنی بـووە. زۆربـەی ئەکادیمییـە کوردەکانیـش جیاواز لە سیاسـتڤانە کـوردەکان بیـر لەمـە ناکەنـەوە و هـەر بـەم هۆکارەشـەوە ئەم مـژارە بە شـێوازێکی چـەن لایەنەوە مشـتومڕی لەسـەر نەکـراوە.

وەک ژنێکـی کـورد مـن لەسـەر ئـەم باوەڕەم کـە بـە جێـی ئەوەیکـە ئێمـە فێمینیـزم و نەتەوەخـوازی وەک دوو چەمکـی هـاودژ وێنـا بکەیـن، پێویسـتە لـە سـەر هـەر دوو تێگـە بـە وردی بیـر بکەینـەوە و چارەسـەری و دیسکۆرسـی نوێیـان بـۆ بدۆزینـەوە. هـۆکاری سـەرەکی نوسـینی ئـەم وتـارەش دەگەڕێتـەوە بـۆ مەترسـی و نارەزایەتـی لەسـەر سـەرهەڵدانی فێمینزمێکـی دژە وڵاتپارێـزی و تەنانـەت دژ بـە کوردایەتـی.

فێمینیـزم و نەتەوەخـوازی ئەوەنـدە وەک دوو چەمکـی هـاودژ نیشـان دەدەرێـن و دراون، ئەوەنـدە زۆریـش دەوتـرێ بـە هـۆکاری سروشـتیی خۆیانـەوە، بەرژەوەندییەکانیـان لێک دوورن، گشـت شـەڕەکان، پێکادانـەکان، سـەرکوتکارییەکان لـە سـەر بنەمـای پەیوەندییـە کۆمەڵایەتی-سیاسـی و دیرۆکـی خۆیانـەوە دەپچرێنرێـن، هـەر وەک ئـەوەی کـە شـەڕ و پێکادانـەکان تەنیـا لـە نێـوان ڕەگەزەکانـی کۆمەڵایەتـی¬دا هەیـە، هـەر چەشـنە کێشـەیەک دادەبەزێتـە سـەر ئاسـتی پرسـی ژنـان و هـەر ڕوداوێکیـش لـە پەیوەنـدی لـە گـەل پرسـی ژنـان شرۆڤـە و بـاس دەکرێـت. زۆرتریـن کەسـانێک کـە ئەمـە دووپـات ئەکەنـەوەو و پرۆپاگانـدای بـۆ دەکـەن ڕەوتـی سـەرەکیی سیاسـەتی کـورد و ئـەو لایەنانـەن کـە لـە ژێـر هەژمۆنـی ئـەو ڕەوتـەدان. بـەڵام ژنانـی کـورد لـە دەرەوەی ئـەم لایەنانـە دەمێننـەوە و خـاوەن دژە دیسـکۆرس دەبـن.

پەیوەندی نێوان نەتەوەخوازی و فێمینیزم

سـەبارەت بـە پەیوەندییەکانـی نێـوان فێمینیـزم و نەتەوەخـوازی دوو ڕوانگـەی جیـاواز لـە ئـارادان. لەسـەر بنەمـای ڕوانگـەی یەکـەم، لەنـاو هـەر دۆخ و مەرجێکدا بەرژەوەندی فێمینیسـتی و نەتەوەخـوازی لە یەکتر جیـاوازن و دەرفەتی ئەمـە نیـە بەرژەوەندییـە جیـاوازەکان پێـک بگـەن. چونکـە نەتەوەخـوازی بـە هـۆی سروشـتیی بـە ڕەگەزکـراوی خـۆی

بەردەوام لە دژی فێمینیزم و مافی ژنان بەکار هاتووە.[1] ڕوانگەی دووهەمیش بێ ئەوەی کێشەکانی نێوان ئەم دووە پشتگوێ بخات، بانگەشەی ئەمە ئەکا کە ناتوانێ باسی پێک نەگەیشتنی ئەمانە بە هۆی سروشتی [ئەم دوو پرسەوە] بکرێت.[2] بەڵکو بانگەشەی ئەمە ئەکا لایەنە فیمینیستی و نەتەوەخوازەکان دەتوانن پەیوەندییان پێکەوە هەبێ و گەشە بە یەکتر بدەن و یەکتر بگۆڕن. لەم وتارەدا ڕوانگەی دووهەم پەسند ئەکرێت و ئەم وتارە پێیوایە فێمینیزمی نەتەوەخواز تەنیا لەسەر بنەمای ڕۆڵی ژنان لەناو بزاڤە نەتەوەییەکان ڕاوەستە ناکا، یان تەنیا خۆی لەمەدا ناخاتە ڕوو. ئامانجی ئەوە نیە لە پێڤاژۆی سەربەخۆییدا ژنان سەفەربەر[3] بکات. بە پێی ڕوانگەی خۆی، ئەو ژنانەی بوونەتە قوربانی نەتەوەخوازیش پێناسە ئەکا و بە فەرمیان ئەناسێ، بەڵام هاوکات و لەمەش گرینگتر، ئەم ڕوانگەیە ئەو ژنانەی لە سێبەری نەتەوە و نەتەوەخوازیدا بەهێزتر بوونە، ئەوانیش بەفەرمی ئەناسی و پێناسەیان دەکا[4] و نەتەوەخوازی لە دژی فێمینیزم سەر لەنوێ پێناسە دەکاتەوە. یانیش لە جیاتی ئەوەیکە نەتەوەخوازی لە خۆی دوور کاتەوە، هەوڵ دەدا بیخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و لەسەر ئەم بنەمایە ببێتە خاوەن وتەیەک.

● نەتەوە و نەتەوەخوازی چیە؟

لێرەدا پرسیارێکی سەرەکی دێتە ئاراوە، نەتەوە و نەتەوەخوازی چیە و لە سەر کام بنەما من لایەنگری لە نەتەوەخوازی ئەکەم؟ لە ڕوانگەی منەوە، لە پوختەترین مانادا، بۆ تاک self یان خودێتی هەر چیەک بێ، لە سەردەمی مۆدێرنەدا بۆ کۆمەڵگا، نەتەوەیە. نەتەوە تەنیا یەکێک لە ناسنامە گشتییەکانی سەردەمی مۆدێرنە. بە هۆی ئەوەی کە هەر کەسێک خاوەنی self یان خودێتی بێ ئەتوانێ لەگەڵ کەسانیتریشەوە پەیوەندی هاوسان و بەرامبەر پێک بێنی، ئەو کۆمەڵگایانەی هاوکات لەگەل جیاوازی خۆیانەوە، لە دەوری نرخە هاوبەشەکانیش کۆ بونەتەوە، لە سێبەری ناسێنەی گشتی بە ڕێکخستنکراوی خۆیانەوە کە ناوی نەتەوەی

1- Kaplan, Gisela, “Feminism and Nationalism: The European Case”, di nav Lois A. West, ed., Feminist Nationalism, Routledge, London, 1997; Nira Yural-Davis, Cinsiyet ve Millet, wer. Ayşin Bektaş, weş. İletişim, Stenbol, 1997; Enloe, Cynthia, Bananas, Beaches and Bases: Making Feminist Sense of International Politics, Berkeley, University of Cali-fornia Press. Berkeley, 2000 [1989].

2- Herr, Ranjoo Seodu, “The Possibility of Nationalist Feminism”, Hypatia 18:3, 2003 Yaz; Lois A. West, Feminist Nationalism, Routledge, London, 1997; Kim, Hee-Kang, “Should feminism transcend nationalism? A defense of femi-nist nationalism in South Korea”, Women’s Studies International Forum 32 (2009) 108–119.

3-Mobilization

4- Kim, n.n.b., r. 109.

لەسـەر نـراوە- ئەتوانـن لەگـەل نەتەوەکانیتـردا، لـە هەلومەرجـی وەک یـەک، لـە بەسـتێنێکی هاوبەشـدا بەشـدار بـن و پەیوەندیـی هاوشـان پێـک بێنـن. بـە پێـی وتـەی موجاهیـد بیلجـی، ئـەو مرۆڤانـەی تێگەیشـتنی نەتەوەییـان نەبێـت پارچەییکـی بچوکـن و تاکـی سـەربەخۆن کـە رێگایـان ون دەکـەن. لـە چاخـی مۆدێرنـدا، نەتـەوە قۆناخێکـە و مرۆڤ دەبـێ پێـی بـگات. مرۆڤـەکان بـە پشـتگیری یەکـتر ئەبـن بـە پارچەییکـی گەورەتـر لـە خۆیـان. پشـتگیری ولایەنگری لـە ئیـرادەی ئەوەیکـە گەرەکیانـە بـبن بـە پارچەییکـی گەورەتر، یەکێـک لـە مەرجەکانی دیموکراسیشـە.[5] دیموکراسـی قۆناخێـک نیـە کـە مـرۆڤ وەکـوو هەنگاوێـک بتوانـێ بەسـەر نەتەوەبوونـەوە پـاز بـدات.

بـێ ئەوەیکـە نەتەوەخوازیـش- کـە لـە سـەر بنەمـای پەیوەندییـە جیاوازیـە کۆمەڵایەتـی و سیاسـیەکان ڕەنـگ و شـێوازەکانی دەگۆڕێـت- بخەمـە پشـت گـوێ، بـەم شـێوازە پێناسـەی ئەکـەم: تەواوەتـی دیسـکۆرس و پرەکتیسـی کولتـوری، ئابـوری، کۆمەڵایەتی-سیاسـی کۆمەڵگایـەک بـە مەبەسـتی پێکهێنـان و هێنانـەوەی خود، ناسـێنەی گشـتی خـود، دەرکەوتـن لـە ژێردەسـتی هێـزە کۆلۆنیاڵیـەکان، وەدەسـتهێنانی پێگەییـک یـان سـەربەخۆییە. بـە پێناسـەی رانجـۆ.س. هێـر[6] لـە کۆریـای باشـورەوە، ئەکـرێ داکۆکـی لەسـەر ئەمـە بکرێـت کـە گشـتی ئـەم هـزرە، دیسـکۆرس و چالاکیانـە بـۆ پێکهێنانـی هـەل و مەرجێکـە کـە ئەندامانـی نەتەوەیـەک لەنـاو خۆیانـدا وەک یـەک و هاوسـان بـن و بـۆ پێشخسـتنی خۆشـگوزەرانی گشـتیی لەنـاو ڕکەبەرایەتیـدا بتوانـن بژیـن.[7] گەر ئێمـە لە کەشـکۆڵی زمانیـی خۆمانەوە کەڵـک وەربگریـن، دەکـرێ ئاماژە بکرێتـە سـەر ئەمـە؛ شـیوازی گشـتیبوون ناوەرۆکـی «بۆخۆبوونـە».

● ئەو ڕەخنانەی لە نەتەوەخوازی دەگیرێت

بـەڵام نەتەوەخـوازی تێگەیـەک یان چەمکێکە و زۆر پێناسـەی هەیە؛ هـاوکات لەگەڵ ئەمانـەش زۆرترین ڕەخنەی لـێ گیـراوە. لـە پێناسـەی پەیوەندیـدار بـە کـورد و کوردسـتانەوە، نەتەوەخـوازی ئـاوەزی ڕەخنەیـی و پرۆتیسـتۆکەری باڵادەسـتانە. یەکێـک لـە ڕەخنـەکان ئەمەیە: مەترسـی ئەمـە لـە ئارادایـە دوای قۆناخـی بـە ڕێکخسـتنکردنی متمانـە بـۆ ناسـنامەی نەتەوەیـی، نەتەوەپـەروەری بتوانـێ ببێتـە ئامرازێکـی وێرانـکار و ئاسـیمیلەکەر، ڕەگـەز پەرەسـت و هۆکاری نەیاریکـردن لەگـەڵ بیانیـەکان، قڕکـردن و ئێرەیـی بردنـی گشـتی. ئەمـە مەترسـیێکە و ئـەو کاتـەی ژێردەسـتەکان ئەبنـە باڵادەسـتمان وەبیـر دەخاتـەوە. بـەڵام ئـەو کاتـەی ئاماژە ئەکرێتـە سـەر ئـەم مەترسـیە، واتـای ئەمـە، هۆشـداریدانی

5- Bilici, Mücahit, Hamal Kürt, weş. Avesta, Stenbol 2017, r. 146.
6- Ranjoo S. Herr
7- Herr, n.n.b., r. 22.

مەترسیەکە یان خستنە ڕووی ئەگەری زیان دیتنە و ئاوا دێتە بەرچاو کە نەتەوەخوازی لە گشت شەڕ و مەرجەکاندا و بەردەوام، دەبێتە هۆکاری ڕەگەز پەرستی، نەیاریکردن لەگەڵ بیانیەکان یان قڕکردن و تەنانەت قڕکردنی ژنان و ئەمە لەناو سروشتیدایە. بەڵام تەنانەت ئەو کاتەی باسی ئەم مەترسیانەش ئەکرێت، هیچ کاتێک ئاماژە ناکرێتە سەر ئەو نمونەگەلەی کە مەترسییکی لەم چەشنەیان پێک نەهێناوە و تەنانەت نمونە نەڕێنیەکان وەبیر دەخرێنەوە.

لەم حاڵەتەدا بەپێی وتەی کرایگ کاڵهۆن[8]، لە بیر دەچێتەوە یان لە بەر چاو دەشاردرێتەوە کە ئەمێستاکە لە جیهاندا، دیموکراتترین و خۆشگوزەرانترین کۆمەڵگاکان خاوەن ڕێکخستنێکی نەتەوەیین یان ئەمە نابینرێت؛ سیستەمی جیهان لەسەر بنەمای نەتەوەخوازییەوە بەڕێوە ئەچێت، بە تایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا، لە مافی هاوڵاتیبونەوە بگرە تا کو مافی وەرگرتنی پاسپۆرت، ئەدەبیات و سینەما، تیرۆانین سەبارەت بە دیرۆک، سیستەمی پەروەردە لە گشت لایەنەکانیدا، لە گشتیانا نەتەوەخوازی بەشێکی دانەبڕاوە و نابینرێت. بە واتایەکیتر، لەلای ئەوانەوە نەتەوەبوون مژارێکی ئەوندە نۆرماڵ و سروشتییە و وەک ماسیەکی لە ناو ئاودایە کە ئاگاداری بوونی خۆی لەناو ئاوەکەدا نیە. بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەیکە لە دەرەوەی ئاوەکەداین، ئاگاداری ئاوەکەشین. ئەمە مژارێکی سەرنجراکێشە؛ بەڵام لە ڕوانگەی ئەوانەوە، نەتەوەپەروەری نۆرمە و مژارێکی ئاساییە. بەڵام هەرچۆنێک بێ، ئەوان وەک ئەوەیکە لە هەستی نەتەوەیی ئازاد بووبن، وەک کەسانێک مامەڵەیان لەگەڵ ئەکرێ کە گوایە هیچ کاتێک پەیوەندییان بە نەتەوەخوازییەوە نەبوە. سەرکیترین مافێک کە ئیمە بۆ وەرگرتنیان سەر دەنێینەوە و دەمرین، ئەوان لەناو بوونی ئەم مافانەدا لە دایک ئەبن و ئەژین. هەر کاتێک ناسنامە گشتیەکان یان ناسنامە گشتیە ژێردەستەکان، داوای مافی باڵادەستەکان دەکەن، دەوڵەتە باڵادەستەکان کاردانەوەیان سەبارەت بەمە ئەبێ و ئاماژە ئەکەنە سەر نەتەوەخوازی ئەوان و بەم ڕەنگە دەکرێنە ئامانج. هەڵبەت لێرە نەتەوەخوازی وەک چەمکێک یان تێگەیێکی پاشڤەڕۆ یان گرێی کێشەیەک پێناسەی بۆ ئەکرێت و بەم شێوازەوە وەک سیاسەتێکی وێرانکەرانە پێناسە ئەکرێت. لە ڕاستیدا ڕوانگەیەکی لەم چەشنە واتای ئاستەنگکردن و بێ نرخکردنی تێکۆشانی ڕێکخراوەیی و گشتییە. هەڵبەت لێرەدا مژاری سەرنج ڕاکێش نەتەنیا هەڵوێستی کەسەکان یان دەسەڵاتدارانی ڕەوشی هەبوویە. زۆرینەی ئیمەی کوردیش زۆر جار نەتەوەخوازی وەک گڵۆڵەی کێشەکان دەخەینە بەر باس یان قەت هەر باسی لەسەر ناکرێ.

ئەو کاتەی ئاماژە دەکرێتە سەر چەمکێک، گەر بێتو ئاماژە نەکرێتە سەر مەترسی و ئەگەرە نەڕێنیەکان، ئەو کاتەیە دەکرێ ڕوانگەی پیاوان لەسەر فێمینیزمیش وەک نمونە بخرێتە بەرچاو. لە ڕوانگەی پیاوانەوە کە

8- Calhoun, Craig, Milliyetçilik, Bilgi Üniversitesi yay., İstanbul 2012, r. 8.

نایانەوێـت ئیمتیازەکانیـان لـە کیـس بـدەن، بـە دیسکۆرسـێکی دابەزێنەرانـەوە، فێمینیزم مەحکـوم ئەکەن. لـە روانگەی ئەوانـەوە، فێمینیـزم دژ بـە پیاوانـە یـان مەترسـی ئەمـە هەیـە کـە فێمینیـزم ئەگـەر دەرفەتـی بـۆ پێـک بـێ هەنـگاو بـۆ دژایەتـی پیـاوان هـەڵ ئەگرێـت. لـە لایەکی‌تـرەوە لـە روانگـەی دژە-فێمینسـتییەوە مەترسـی ئـەوەی هەیـە فمێنیـزم ببێتـە essentialism ی ژنـان، سروشـتی ژنانـە، ئەگـەری ئـەوە هەیـە ناوەرۆکـی دیرۆکی-جڤاکـی رەگـەز (زایەنـد) ی کۆمەڵایەتـی لەنـاو بچێـت، دەتوانـێ ڕیـگا بـۆ تـەم و مژاویکردنـی ناسـێنەی نەتەوەیـی ژنـان و ئـەو کیشـانەی لەبـەر ئـەم ناسـێنەیە بـە ئاگاداریـەوە دروسـت دەکرێـن تاکـوو ناسـنامەی نەتەوەیـی و کێشـە دەرهاویشـتەکانی نیشـان نەدرێـن و پشـت گـوێ بخرێـن، بکاتـەوە. ئێسـتاکە نیشـانەکانی ئەمـە لـە نـاو ژنانـی کـوردا خۆیـان وێنـا ئەکـەن. لـە لایەکی‌تـرەوە، هـاوکات لەگـەڵ ئـەم گشـتە مەترسـیەدا، پاراسـتنی دژە-فێمینیسـتی هـەر چەنـدە ئەتوانـی ڕاسـت بـێ، دژایەتیکردنـی نەتەوەپـەروەری کوردیـش بـە هەمـان ڕادە راسـتەو بوونـی هەیـە.

دەکـرێ لـە سـەرئەم بابەتـە لـە دیموکراسـیش نمونـە بێنینـەوە؛ دیموکراسـی کـە باشـترین ڕێبـازە بـۆ ئـەوەی کـە کۆمەڵـگا بـە شـێوازێکی ئاشـتیانەوە خـۆی بەڕێـوە ببـات، خـاوەن ئـەم مەترسـیانەیە. مەترسـیێکی زێـدە دوور نیـە دیموکراسـیش بـەرەو فاشـیزم توشـی وەرچەرخـان بێـت. نمونـە دیرۆکیەکانـی ئەڵمانیـای فاشیسـتی، ڕووداوەکانـی ئێسـتاکەی تورکیـاش راسـتینەی ئـەم مەترسـیەمان بیـر دەخەنـەوە. بەڵام بـە هـۆی ئەوەیکە نازانـرێ چی لـە جیاتی ئەمە دابـنرێ، یـان ئالتەرناتیڤـی ئەمـە چیـە، هیچ کـەس ناتوانی ڕاشـکاوانە بانگەشـەی دژە دیموکراسـیەت بکا. دیموکراسـی بـەردەوام و سـەر لەنـوێ پێناسـە ئەکرێتـەوە، نـوێ ئەکرێتـەوە، مشـت و مـڕی لەسـەر دەکـرێ کـە چـۆن دەوری خـۆی بگێـڕێ و کاریگـەری هەبـێ. بـەڵام ئـەو کاتـەی دەرفەتـی ئەزمونکردنـی دیموکراسـی بـە پێـی دەسـتور نیە چـار چیە؟ بـە بـڕوای مـن بـۆ کـورد جگـە لـە نەتـەوە پـەروەی ئالتەرناتیفێکی‌تـر نیـە. لەسـەر ئـەم بڕوایـەم ئەگـەر ئیمکانـی ئـەوە هەبـێ کـە چەمـک گەڵێکـی وەک ئوممـەت، ئینتەرناسـیۆنالیزم و برایەتی گـەلان جێگای نەتـەوە پـەروەری بگرێتەوە، ئـەم چەمکانـە ئەزمونکـراون. ئێسـتاکە دوو ڕێگامـان لەبـەر دەمـە. یـان ئەوەیکـە دەسـت لـە ناسـێنەی نەتەوەیـی هەڵگریـن، بـۆ ناسـنامە و پاراسـتنی ناسـێنەی خۆمـان خەبـات نەکەیـن، خۆمـان لە ژێـر بـاری کوردبـوون رزگار بکەین و ببیـن بـە تـورک یـان عـەرەب یان...یـان ئەوەیکـە لـە سـەر کوردبونمـان داکۆکـی بکەیـن. ئەگـەر ئەولەویەتـی ئیمـە مـژاری دوهـەم بـێ، نابـێ خۆمـان لەمـە بدزینـەوە کـە ئەمـە وەک نەتـەوە پـەروەری پێناسـە بکەیـن.

• پێناسە کردنی ئەو نەتەوە پەروەرییەی لە فێمینیزمەوە پێک دێت

ئەو خاڵە گرینگەی لەم ناوەدا پشت گوێ ئەخرێت ئەمەیە کە بۆ نەتەوە-پەروەری ژێردەستان یان نەتەوە پەروەری بە کۆلۆنیالیزەکراو، ناسیۆنالیزم ئەرکی ئایدۆلۆژیای رزگاریخوازانە دەگێڕێ. بە مەبەستی نەبینینی ئەوەی کە نەتەوەخوازی لەبەر چاونەگیرێ و ڕێگا لەبەر دەم ئیحتمالی مشت و مڕێ مومکین بگیرێت، بەردەوام ئەم کلێشەیە دوبارە ئەکرێتەوە: گشت فۆرمەکانی نەتەوەخوازی خراپن. لێرەدا پێویستە گەلە بندەستەکان ئەم مافە وەک مافی ڕەوای خۆیان ببینن کە نەتەوە پەروەری لە سەر بنەمای خود و بەرژەوەندییەکانی خود، سەرلەنوێ پێناسە بکەنەوە. جگە لەو پێناسەیەی سەرەوە، دەکرێ پێناسەی دیکەش لە ناو ئەدەبیاتی ناسیۆنالیزمدا بەدی بکرێت.

لەم ناوەدا دەکرێ ئاماژە بکرێتە سەر پێناسەی رانجۆ س. هێر[9] کە لە ئەنتۆنی سمیسەوە کەڵک وەردەگرێ و نەتەوەخوازی ڕەوا و ناڕەوا لێک جیا ئەکاتەوە. سمیس نەتەوەخوازی بە سەر دوو لایەندا دابەش دەکا؛ نەتەوەخوازی ئەتنیک-تەوەر و چەن ناوەند-تەوەر.[10] جۆری یەکەم بە واتای پێداگرتن لە سەر رابردوویێکی دوور و درێژ و کولتورێکی لێڵ و ون لە ناو ڕابردوودایە. ڕەوابوونی خۆی لە ڕابردوو وەر دەگرێ. هێر بۆ ئەمە نمونەی ئەڵمانیا و ژاپۆن لە ماوەی شەڕی جیهانی دووهەم دێنێتەوە. دەکرێ نەتەوەخوازی تورک، عەرەب و فارسەکان-یش بخرێتە ناو ئەم نمونەگەلە. جۆری دوهەم؛ واتە نەتەوەخوازی چەن ناوەند-تەوەر لەناو شەرت و مەرجی سیاسی ئەمڕۆکەدا ڕەوایی وەدەست دێنێ و لە سەر ئەمڕۆکە پێداگری دەکا. بانگەشەی ئەمە ئەکا کە هەر نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە خۆی سەر لەنوێوە پێک بێنێتەوە و لە ناو بنەماڵەی نەتەوەکاندا ببێتە خاوەن جێگە و پێگەیێکی شکۆدار، مافی ئەوەی هەیە ببێتە خاوەن پێگەیێکی هاوشان لە گەڵ نەتەوەکانی تر.[11] هێر لێرە ئاماژە دەکرێتە سەر ئەو نەتەوانەی وەک ئێمەن. تەنانەت گیسلا کاپلان-ی ئوتریشی کە زۆر جیاواز لە هزریی نەتەوەخوازییەوە بیر ئەکاتەوە و پێیوایە نەتەوەخوازی دژایەتی لەگەڵ فێمینیزمەوە هەیە، [ئەم چەشنە نەتەوەخوازییە] لە نەتەوەخوازی پاوانکار جیا ئەکاتەوە.[12] لێرەدا ئەکرێ نەتەوەخوازی کۆلۆنیالیستی و دژە-کۆلۆنیالیستیش لەم پۆلێنبەندییە زیاد بکرێت. لە ولاتانی کۆلۆنیالیست، ناسیۆنالیزم ئامرازێکی بالادەستی و بەردەوامکردنی پێگەی بالادەستی بەسەر ولاتە بندەستەکان یان کۆلۆنیکراوەکانە.

9- Herr, n.n.b., r. 7.
10- polycentric
11- Smith, Anthony, Theories of Nationalism. Duckworth, London 1983, r. 158-59, nql. Ranjoo Seodu Herr, r. 7
12- Kaplan, n.n.b.

● ڕەخنەی فێمینیستی لە نەتەوەخوازی

بـا بڕوانینـە سـەر ڕەخنـەی فیمینیسـتی لـە نەتەوەخـوازی؛ یەکێـک لـە کێشـەکانی نێـوان فێمینیـزم و نەتەوەخـوازی ئـەم پێشـگریمانەیەیە کـە نەتـەوە خـاوەن جەوهەرێکـی ئەزەلـی و ئەبەدییـە، واتـە ئـەو ئەتنـۆ نەتەوەخوازیەیـە کـە پێشـتر ئامـاژەی پێکـرا. ئـەم چەشـنە نەتەوەخوازییـە زۆر جـار وەک خـوازە یـان میتافـۆری بنەماڵـە نیشـان ئەدرێـت کە نەتـەوەش وەک بنەماڵەیـەک دیاردەیەکـی سروشـتیە. وشـیارییکە لەسـەر بنەمـای گوێڕایەڵـی ژن و منداڵـەکان و ئەمەش نیشـاندەری سروشـتە. دووهـەم؛ جەسـتەی ژن خـاوەن گرینگییکـە و وەک سـیمبۆلی نەتـەوە و تخوبـەکان ئەبینرێـت. ئـەم سـنورە بـۆ هێرشـی هێرشـکاران کراوەیـە. بـەڵام پێویسـتە ئـەم سـنورە بپارێـزرێ، هـەر بـەو شـێوازەی کـە پێویسـتە سـنوری نەتـەوە بـە هێـز بکرێـت، پێویسـتە ئـەم سـنورەش بە هێـز بکرێـت. واتـە؛ سێکسـوالیتەی ژن هـەر وەک بنەماڵە و نەتەوەیـە. بـەڵام دەسـتدرێژیکردنە سـەر ژنـان لـە لایـەن هێزەکانـی دەرەوە دەبێتـە سـیمبۆلێکی ناحـەز بـۆ خـودی نەتـەوە و زیاتـر لـە پیشـێلکردنی مافەکانـی تاکەسـیش ئەبینرێـت. سـێهەم؛ ئامـاژەی پێکرابـێ یـان نـا، نەتەوەخـوازی زۆر جـار بـە نیشـاندانی ڕەگەزخـوازی دەناسرێـت. لـەم ئیماژکردنـەدا بەڵگەیەیێکـی خەوشـداری نەتەوەیـەک کـە لـە ژێـر دەسـەڵاتداری هێزێکـی دەرەکیدایـە، بـێ ئیعتبـار کـراوەو خەسـاندنێک هەمـوار دەکرێتـەوە. چـوارەم؛ لەنـاو تێکۆشـانی سیاسـیدا، ژنـان هـەر چەنـدە چالاکیـش بـن، بەڵێنی باشـترکردنی ڕەوشـی ژنیانیـان پـێ ئەدرێت بـەڵام ئەمە تەنیـا بەڵێنێکـە و وەدەی نایـەت.[١٣] ئـەم ڕەخنەگەلـە گشـتیان ڕاسـتن بـەڵام هـاوکات نیشـاندەری کەوتنە ژێـر کاریگەری تایبەتمەنـدی نەتەوەخـوازی باوکسـالارین و لـە ئەدەبیاتـی گشـتی فێمینیزمـدا لەسـەر ئەمانـە چەشـنە هاوڕاییـەک لـە ئارادایـە و هـەر بۆیـە لـەم خاڵەدایـە نەتەوەخـوازی فیمینیسـتیش دەوری خـۆی ئەگێـڕێ.

بـا بگەڕیینـەوە سـەر کوردسـتان و بـە تایبـەت باکـور؛ ئەمڕۆکـە لـە باکـوری کوردسـتان تەنیـا سیاسـەتێکی کوردانـەی وەک ڕەوتـی سـەرەکی دەتوانـێ ژنـان بـە ڕێکخسـتن بـکا و بـە دیسـکۆرس و پراتیکـی خـۆی توانایـی سـەفەربەرکردنی[١٤] ژنانـی هەبـێ. ئـەو کاتـەی دەڕوانینـە تـەواوی ئـەو ڕەخنەگەلە سـەبارەت بـە نەتەوەخـوازی، دەکرێ ئامـاژە بکرێتـە سـەر تـەواوی ئـەو ڕەخنانـەی سـەرەوە. زۆر باشـە؛ لـەم نـاوەدا پێویسـتە ژنـی کـورد چـی بـکات؟ تەنیـا ڕەخنـە لـە تایبەتمەنـدی باوکسـالاری و ئەتنیک-تـەوەری ناسـیۆنالیزم بگـرن؟ دەسـت لـە ناسـێنەی گشـتی خۆیـان بـەردەن؟ داخوازییـەکان بخەنـە لایـەک و تەنیـا بـۆ ڕزگاری ژنـان تێکۆشـان بکـەن؟ بەرسـڤی ئـەم وتارەیـە نایـە.

گـەر بێـت و ئارمانجـی بزاڤـی ژنانـی فیمینیسـت پێشـڤەبردنی خۆشـگوزەرانی[١٥] ژنـان بێـت و دەرفەتـی هاوشـانی

13- Herr n.n.b.; Jayawardena, Kumari, Feminism and Nationalism In the World, Zed Books, London 1986; Kim 1989; Enloe b.n.b.
14- Mobilization
15- Welfare

پیاوانیان پێ ببەخشێت، ئەوە مافی ئێمەیە چاوەڕوان بین ئەو هۆکارانەی ژنان بێبەش دەکەن، ئاماژەیان پێبکرێت؛ و لە سەر ئەو بنەمایە ستراتێژیاکانیش دیاری بکرێن. لە گەڵ دۆخی ئیمەدا ئەم پەیوەندییە چۆنە؟ بە هۆی ئەویکە بزاڤی ژنان کە ئیدعای ئەوە دەکا لە دژی نەتەوە خوازییە، و باوکسالاری بە شێوازێکی بەرچاو زەق دەکاتەوە، من لەسەر ئەم پرسە دەدوێم. بەڵام هەر لە دەسپێکەوە، بە پێچەوانەی بزاڤی ژنان، با بڕوانین لە ڕابردوودا، لە ناو نەتەوە بندەستەکاندا، نەتەوەخوازی چۆن ڕێگای خۆی بۆ مافی ژنان کردۆتەوە؟

● هاوکاری نەتەوەخوازی و فێمینیزم

نوسەر وەک ژنێک خۆشی نیگەرانی باوکسالارییە؛ بەڵام گەر ئێمەی ژن لە هەمبەر باوکسالاری تێکۆشان بکەین، تەنانەت وەک یەکەم ئامانجیش بێ، تەنانەت ئەگەر وەک ئامانجێکی ستراتێژیکیش نەبێ، ناچارین لەگەڵ نەتەوەخوازی هاوکاری بکەین. دیرۆکی بزاڤی فێمینیستیش زۆر شتمان فێر دەکات. دەکرێ بێژین؛ لە زۆرێک لەو وڵاتانەی بۆ سەر بەخۆیی شەڕ کراوە، فێمینیزم خۆی لەناو بزاڤی نەتەوەییدا گەشاوەتەوە و لە ناو ئەم دۆخەدا دەرکەوتووە.[16] فێمینیزمی کوردیش لە دەرەوەی ئەم چوارچێوەیەدا نیە. مافی دەنگدان و هەڵبژاردنی ژنان، نەک ئەو جۆرەی بەراورد دەکرێت، لە وڵاتانی پێشکەوتوو و لانکەی دیموکراسی وەدەست نەهاتوە. لەو وڵاتانەی بۆ سەربەخۆییش تێکۆشان کراوە، بە هاوکاری فێمینیزم و نەتەوە خوازی وەدەست هاتوە. بۆ نمونە، لە نیو زیلاندا، ئەو کاتەی لە ژێر دەسەڵاتداری بەریتانیادابوو، لە ساڵی ۱۸۹۳ ژنان بۆ یەکجار مافی دەنگدانیان وەدەست هێنا. لە ساڵی ۱۹۱۹ مافی هەلبژڕانیان وەدەست هێنا. لە ئاوستراليا‌ش لە ساڵی ۱۹۰۲، دوای سەربەخۆیی مافی ژنان بۆ دەنگدان و هەڵبژاردن بە فەرمی ناسرا. لە فینلاندیش ئەو کاتەی گرێدراوی ڕوسیا بوو، لە ساڵی ۱۹۰۶ مافی دەنگدان و هەلبژاردنی ژنانی بە فەرمی ناسی.

لە ماوەیەکی نزیکترا، لە ساڵانی ۱۹۸۰، لە کۆریای باشور، هاوکاری بزاڤی Mujîng (بە واتای حەشیمەت) ی نەتەوەخواز و بزاڤی فێمینیستی ڕێگا بەرەو دیموکراسی و مافەکانی فێمینیستی کرایەوە.[17] دەکرێ ئاماژەبکرێتە زۆر نمونەی‌تری وەک ئەمانە؛ تەنیا لە کێبێک و ئایرلەند ئەم چەشنە هاوکاریە نەیتوانیوە کاریگەری بێ. هۆکارەکەشی ڕوونە، لەبەر ئەوەی کە کێبێک کاتولیە و پڕانی کانادا پرۆتێستانە؛ لە دەسپێکی نەتەوەخوازی کێبێکدا جیاوازی ئایینی زیاتر خۆی نیشانداوە. تاکوو ساڵانی ۱۹۴۰یش ژنان مافی دەنگدان و هەڵبژاردنیان

16- Bnr. Lois A. West, Kumari Jayawardena.
17- Herr, n.n.b., Kim, n.n.b.

نەبـووە. بـەڵام ئـەم مافـە لـە سـاڵی ١٩١٧ لـە کەنـەدا بـە فەرمـی نـاسرا. سـەرەڕای ئەمـەش، لـە ماوەیەکـی نزیکتریشـا لـە کێبێـک، بـە هـۆی موبیلیزاسـیۆنی کۆمەڵـگا کـە لـە ژێـر کاریگـەری نەتەوەخوازیدایـە، لەبـواری مافـی ژنـان، وەپێـش کەنـەداش کەوتۆتـەوە. لـە ئایرلەندیـش جیـاوازی ئایینـی، دوای سـەربەخۆیی بـۆ مافـی ژنـان هـەر بـەم شـێوازە هەڵسـوکەوتی کـردووە.[١٨] بـەڵام لـە هـەر دوو نمونەشـدا ناکـرێ نەتەوەخـوازی وەک یـەک پێناسـەی بـۆ بکرێـت. لـە ئایرلەنـدا تێگەیشـتنی ئایینـی باندۆری فرەتـری بـووە. دەکـرێ ئامـاژە بکرێتـە سـەر ئـەوەی کـە تێگەیشـتنی ئایینـی هـەوڵ ئـەدا شـەرعیەتی خـۆی بەسـەر نەتەوەخوازیـدا بسـەپێنێ، بـەڵام دەمارگـرژی ئایینـی زیاتـر خـۆی دەنوێنـێ.

لـە زۆرێـک لـە وڵاتانـی کیشـوەری ئاسـیای باشـور و ئەفریقـاش، لـە ڕەوتـی سـەربەخۆییدا، لـە ژێـر سـێبەری هـاوکاری فێمینیـزم و نەتەوەخـوازی، هـاوکات لە گەڵ دەسـتەبەرکردنی مافی دەنگـدان و هەڵبـژاردن، مافە بنەڕەتیەکانی ژنـان دانیـان پێدانـرا و دۆخەکـە باشـتر بـوو.[١٩] بـەڵام ئـەوەش ڕاسـتە لـە هەمـوو شـوێنێکدا هیوا فێمینیسـتیەکان بـە ئاکام نەگەیشـتبن. گـەر ئێمـە لـە ئەزموونـە دیرۆکیـەکان کەڵـک وەرگریـن، پێویسـت نـاکا فیمینیسـتەکان تەنیـا لەسـەر بنەمـا نەرێنیـەکان داکۆکـی بکـەن و بـەم ئەنجامـە بگـەن کـە نەتەوەخـوازی هیـچ کاتێـک چاوەڕوانیەکانـی فێمینیسـتیەکانی وەڵام ناداتـەوە. پێویسـتە لەمـە تێبگەیـن ئـەم هەڵوێسـتە هـەم هەڵوێسـتێکی دابەزێنەرانەیـە و هەمیـش فریودەرانەیـە. کەچـی مـرۆڤ ئەتوانـێ داکۆکی لەسـەر ئەنجامێکـی ڕێگاخۆشـکەر و ڕونەرانەتر بکات؛ ئەمـەش ڕوون و ئاشـکرایە، ئامانجـی فێمینسـتەکان تەنیـا ئەنجامـی بەشـداربونی ژنان لەناو تێکۆشـانی سیاسـیدا نیە؛ بـۆ ئەمە پێویسـتە ئایدۆلۆژیای پارێزقانـی سـەرەوەری ڕەگـەزی وەکـو ئامانـج دیـار بکرێـت.[٢٠] لەبـەر ئەمەیـە پێویسـتە فیمینسـتەکان زۆرتـر لەسـەر نەتەوەخـوازی پێداگـری بکـەن.

● باوک سالاری و نەتەوە خوازی

لەلایەکـی تـرەوە، بـۆ ئـەوەی ئێمـە خۆمـان لـە دابەزانـدن رزگار بکەیـن پێویسـتە بڕوانینـە خـودی باوک سـالاری. ئەمـە ئەسـتەم و دژوار نیـە ئیمـە لەسـەر ئـەم بنەمایـە هاوبیـری بکەیـن کـە بـاوک سـالاری زۆر کۆنـترە لـە بیـری نەتەوەخـوازی و وەک مژارێـک سـەقامگیر بـووەو و لەنـاو هزریـی مرۆڤـا ڕەگـی قوڵـی داکوتـاوە و خـاوەن کاریگەری و باندۆرە. ئەمـە لانیکـەم ئەگەڕێتـەوە سـەردەمانی نیشـتەجێبوونی مـرۆڤ یـان تاکـوو ئـەو سـەردەمەی مـرۆڤ ڕاو-

18- LeClerc, Patrice û Lois A. West, “Feminist Nationalist Movements in Quebec: Resolving Contradictions?”, di nav Lois A. West, Feminist Nationalism, Routledge, London, 1997.
19- West, b.n.b.
20- West, b.n.b., r. 216.

کۆکردنەوەی دەکرد، دەگەڕێتەوە. گەر وابێت، ئەوە ناکرێ نەتەوەخوازی لە سەر بنەمای کاریگەری باوکسالاری ڕاڤە بکرێت و نابێ ئەمەش وەک نیەت خراپی سەیر بکرێت، بەڵکو هەڵەیەکی گەورەیە چونکە؛

باوکسالاری لە ناو سیستەم گەلێکی وەک ڕەگەزپەرستی، کاپیتالیزم، کۆلۆنیالیزم، نیۆکۆلۆنیالیزمی سەربەخۆ ناتوانێ ڕاڤە بکرێت. باوکسالاری خاوەن تایبەتمەندییەکی زۆر بەرفرەتر و لە سەرووی تەواوی ئەم سیستەمانەیە. بە واتایێکی تر، هاوکات لە گەڵ سیستەمێکی وەک ڕەگەز، ئەتنیسیتی، ئایین، چین و نەتەوە کە خۆیان خاوەن هێمای ئۆنتۆلۆژیکن و ئەم سیستەمانەش خۆیان هەیانە، بە تۆندی تێکخزاون و هەر کامەیان دەیەوێت لە ڕێگای کاریگەری هاوبەش لەگەل ئەوەیترەوە، فام بکرێت. هەر بۆیە هەر چەشنە هەوڵدانێک بۆ پێناسەکردنی باڵادەستی بە سەر ژنانەدا پێویستە لەناو شەرت و مەرجی کۆمەڵایەتی-ئابووری، شێوازەکانی تری باڵادەستیش لەبەر چاو بگرێت. مادام کە ژنان لە ناو پەیوەندی دیرۆکی و کۆمەڵایەتی-ئابووریدا ئەژین، بەم ناوەوە دەستکەوتەکانی ژنانیش و ژێر دەستبونیشیان دەکەوێتە ناو ئەم پەیوندییانە.[21]

نەتەوەخوازی فێمینیستی کوردی

ڕەنگە ڕون نەبێتەوە کە تێگەیشتنێکی فێمینیستی کە ڕەخنەی بێ بنەما و قانع-نەکەر لە دژی نەتەوەخوازی دەگرێ، بتوانێ ئاستی خۆشگوزەرانی ژنانی کورد بباتە سەرەوە. بناژۆخوازیی ژنبوون، ئایدیالیزەکردنی سروشتی ژن، دابڕانی پرسی ڕەگەزی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندییە دیرۆکی کۆمەڵایەتیەکانی ئەتوانێ تەنیا ئەم پرسە ئاڵۆزتر بکات. چونکە فێمینیزمێک کە لە دژی نەتەوەخوازی دەرئەکەوێ، بەم واتایەیە کە بە زۆرترین ئەگەرەوە ناتوانێ ئەو باڵادەستیەی بە سەر کوردەوە دێت پێناسەی بکات یان هیچ چەشنە ئاگادارییکی لێی نیە. یان دەکرێ بە سانایی ئەمە بڵێین لە ناو گشت لایەنەکانی باڵادەستیەوە، تەنیا باڵادەستیی باوکسالاری دەکاتە ئامانجی خۆی و ئەوانەی تر لەبەرچاو ناگرێت.

بەم پێیەوە، ڕەنگە مرۆڤ هەم نەتەوەخواز بێت و هەم دژیی باوکسالاریش دەرکەوێت. پەیوەست بە کوردستانەوە، گەر ئامانجی فێمینیزم ئەمەیە کە ئاستی خۆشگوزەرانی ژنان بەرزکاتەوە، لەگەڵ تەواوی ڕەخنەکانیشیەوە، لە ڕێگای هاوکارییکی ستراتێژیکەوە لەگەڵ نەتەوەخوازی دەتوانێ مافەکانی ژنان بەرەو پێشەوە ببات. با مافە فێمینیستیەکان بخەینە لایەکەوە، بە هاوکارییکی لەم ڕەنگەوە دەکرێ لە بنچینەییترین

21- Yural-Davis, Cinsiyet ve Millet, r. 6-8.

مافەکانـی ژیانـی ژنانـی کـورد خاوەنـداری بکرێـت؛ لەبـەر ئەوەیکـە مـرۆڤ ناتوانـێ تەنانـەت بیـر لەمـە بکاتـەوە کـە فێمینیزمێکـی دەرەوەی نەتەوەخـوازی دەتوانـێ تەنیـا مافـی ژیانـی ژنانـی کـورد بپارێزێـت. گەر فێمینیزمی کـوردی بیر لەمـە ناکاتـەوە کـە ژنانـی کـورد تەنیـا لـە بـەر ژن بوونیـان ئەکوژرێـن، لـە زیندانـدا ئەگیرێـن، لـە سـەر کار دەردەکرێن، لـە ئاسـت هـەر چەشـنە توندوتیژییێکـدا دەستەوەسـتان دەمێننـەوە، دەبـێ لەمـە بگەیـن کـە ئـەم هاوکاریـیـە خـاوەن گرینگییێکـی زۆر واتـادارە.

هەڵبـەت پێویسـتە لە نـاو ئـەم هاوکاریـیـەدا مەحکومکردنـی دیسـکۆرس گەڵێکی پارێزگارانـەی ئایینی، باوکسـالار یـان نەریتـی کـە نەتەوەخـوازی بـە بنەمـا دەگـرن بونیـان هەبـێ، ڕەنگـە ئـەم ئیحتمالـەش هەبـێ نەتەوەخـوازی لـە جیاتـی فێمینیزمیشـدا بگۆڕدرێـت و سـەر لەنـوێ پێناسـە بکرێتـەوە. لـە کوردسـتاندا مژارێکـی سـەرەکی لـە ئارادایـە کـە لـە نێـوان نەتەوەخـوازی و فێمینیزمـدا دەبێتـە هـۆکاری کێشـە و تەنیـا لـە ڕێـگای دەسـتێوردانی نەتەوەخوازییێکـی فێمینیسـتییەوەدەکرێ گفتوگـۆ و چارەسـەرییەکی بـۆ بدۆزرێتـەوە.

ئـەو کاتـەی نەتەوەخوازە کۆنسـێرڤاتیڤەکان دابەشـکردنی ڕۆڵـە نەتەوەییەکان پێناسـە دەکەن، ژنـان وەک هەڵگرانی کولتـوری نەتەوەیـی پێناسـە دەکـەن، و دەکـرێ ئەم هەڵوێسـتەلە نـاو چوارچێـوی نەتەوەخـوازی ئەتنۆ تـەوەر دابنرێت. بـۆ ئێمـەی کـورد ئاشـکراکردنی ئـەم مـژارە شـاراوەیە ئـاوا دەبـێ: منـاڵ بـۆ یەکـەم جـار زمانـی کـوردی لـە دایکـی فێر ئەبـێ، زمـان لـە ڕێـگای دایکەکانـەوە بـەردەوام دەبـێ و دەگوازرێتـەوە. کولتـوری زارەکـی یـان بـە گشـتی کولتـوری کۆمەڵایەتـی لەلایـەن ژنانـەوە لـە بەرەیەکـەوە بـۆ بەرەیەکیتـر دەگوازرێتـەوە. هـەر بۆیـە دەوترێـت بـە هـەر ڕادەیـەک ژنـان بڕۆنـە قوتابخانـەکان، هەژمـاری ئـەو منـاڵانـەی کـوردی دەزانـن کەمـتر دەبێتـەوە، پەیوەنـدی بەرەیـەک لـە گـەڵ بـەرەی دواتـردا دەپچڕێـت یـان لاواز دەبێـت، لـە گوازتنـەوەی کولتـوری زارەکی یان بە گشـتی کولتـوری کۆمەڵایەتیدا وەدواکەوتـن ڕوو ئـەدا و... . لەبـەر ئەوەیکـە کـورد خـاوەن سـازی و ڕێکخراوەیـەک نیـە کـە کولتورێکـی هاوبـەش سـەرلەنوێ بەرهـەم بێنێـت و ڕایگوازێـت، ئـەم دەورەی ژنـان ئایدیالیـزەی دەکـەن و هـەر جـارەی وێنا دەکرێـت، وەبیر دێنرێتـەوە. بـەڵام ئەمـەش دڵەڕاوکێـی نەبوونـی ئـەو سـازییانەیە کەبتوانـن نرخەکانـی هاوبـەش سـەر لـە نـوێ بەرهـەم بێننـەوە و لەمـەش زیاتـر، دەکـرێ وەک دڵەڕاوکێی ئیحتمالی خەسـارەکانی بەشـداریی ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکانـی ڕەگەز-تـەوەر بخوێنرێتـەوە. لـە جیاتـی ئەمـە ئامانجـی ڕووانـی ئـەم دامەزراوانـە کـە پێویسـتە کولتـوری هابـەش سـەر لەنوێ بەرهـەم بێنـن، ژنـان وەک هەڵگرانـی کولتـور ئایدیالیـزە دەکرێـن و بـە شـێوازێکی شـاراوە پێشـنیار دەکرێـت یـان لـە ژنانیـان دەوێ ئـەم دەورەی خۆیـان بـەردەوام بگێـڕن. هـەر لـە خۆیـەوە، لـە وێنایەکـدا کـە وەک سـەرچاوەی کولتوری کـوردی نیشـان ئەدرێـت، زۆربـەی ژنـان خـاوەن خوینـدەواری نیـن یـان ئـەو پانتایەی ژنـان تیایـدا بتوانـن دەور بگێڕن زۆر بەرتەسـک نیشـان ئەدرێـن. واتـە دەوری ڕاگوازتنـی کولتـور، ئـەو ژنانـەی کـە ناتوانـن لـە دەرەوەی پانتـای تایبەت

private space وەدەر کەون یان لە دەرەوەی پانتای کاریگەری دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ماونەتەوە، دەتوانن دڕێژە بەم کولتور بدەن. ئەم تێبینیانە دەرەنجامی ئەزموون و چاوەدێری کردنە. منالانی کورد ئەمڕۆکە لە ناو بنەماڵەوە فێر کراون، لە ناو بنەماڵەشەوە دەتوانن بە باشی فێر ببن و پرانی ئەمانەش قەرزداربای ئەو دایکانەن کە پەرەوەردەی مۆدێرنیان نەبینیوە یان لە شارەکاندا نەژیاون. ئاشکرایە ئەو ژنانەی دەتوانن لە بنەماڵەی خۆیان یان لە پانتای تایبەت وەدەر دەکەون، ناتوانن ئەم دەورەی خۆیان بگێڕن.

کاتێک لە سەر پرسی زمان بیر دەکەمەوە ئەمە بە ڕوونی ئەبینم: کە ئەبینم دایکم پەروەردەی مۆدێرنی نەبینیوە یان ئەوەی کە ژنێکی شاری نیە، هەر بۆیە من بە کوردی گەورە بوومە. ئەمە تا هەر ڕادەیەک ڕوانینێکی ساکاریش بێ، ئەوە خۆ پەرستی و ڕواڵەتە. هەر بۆیە ئەپرسم: لە بەر چی بۆ ئەوەیکە من کوردی فێر بم پێویستە دایکم پەروەردەی مۆدێرنی نەبینیبێ یان لە ژیانی شار بە دوور مابێتەوە؟ ئاخۆ تورکەکانیش بەم شێوازەوە زمانی خۆیان فێر ئەبن؟ ئەمان زمانی خۆیان تەنیا لە ناو بنەماڵەی خۆیان یان لە دایکی خۆیان فێر دەبن؟ بێ گومان نا! بە هۆی ئەوەی کەئەوان خاوەن دام و دەزگا و ڕێکخراوەی پەروەردەیی خۆیانن و لەم ڕێگایەوە ناسێنەی گشتی خۆیان، زمان و کولتوری تورکی خۆیان بەردەوام بە هێز دەکەن، سەرلەنوێ بەرهەمی دێننەوە و ڕایدەگوازن. گشت ئەم دامەزراوە و ڕێکخراوانە لە لایەن دەوڵەتی تورک ڕوو نراون. زمانی تورکی لە تەواوی لایەنەکانی ژیاندا خەریکی چاڵاکیە، زیندووە. بە هۆکاری ئەم دام و دەزگایانەیە کە دایکان هەر چەنە بە زمانی کوردی-ش لەگەڵ منالەکانیان بە کوردی بدوێن، منالەکان لە دەرەوە ناتوانن خۆیان لەم دام و دەزگایانەی دەوڵەت ڕزگار کەن. هۆکارەکەشی ڕوونە؛ کاریگەری ئەم دام و دەزگایانە ئەوەندە قوڵ و بەرفرەیە کە ناکرێ کورد لەگەڵ کورد، بە زمانی کوردی بدوێت. یان تەنانەت چەن کورد لە باکوری وڵات ئەتوانن ئەم نوسراوەیە بە کوردی بخوێننەوە؟

پێویستە لە هەمبەر ئەم دیسکۆرسە زاڵەدا، هەڵوێستی نەتەوەخوازێکی فێمینیستی کورد چ بێت؟ هەڵبەت ئەمە گوونجاو نیە ژن لە ناو پانتاییکی تەنگ و بەرتەسکدا بمێنێتەوە، لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت و پانتای بەرهەمهێنان و پانتای گشتی public space وەدوور کەوێتەوە یان دایببڕێنن. یان؛ ئەمە نادادپەروەرییکی گەورەیە و هۆکاری سەرەکی ناهاوسانیە کە باری سەرلەنوێ بەرهەمهێنانی نەتەوەیەک، سەوزکردنی زمان و کولتوری هاوبەشە بە تەنیا بخرێتە سەرشانی ژنانەوە. ژنان ئەو مافەیان هەیە بڵێن بەسە و بخوازن ئەم بارە قورسە لەگەڵ پیاوانیش دابەش بکەن. تاکەی و چ ڕادەیەک دەتوانن ژنان بخەنە ناو چواردیواری ماڵەوە؟ ئێوە ناتوانن تەکنەلۆژیای مۆدێرن، کە کورد لەم بوارەشەوە لاوازە، لە دەرەوەی چواردیواری ماڵەوە بهێڵنەوە. چارەسەریش ئەوەیە پێکەوە، قوتابخانە و دام و دەزگای خۆمان بونیات بنێین. بەرسڤی فیمینیستەکان دەبێ ئەمە بێ کە زۆرتر

لـە بەدامەزراوەییبـون خاوەنـداری بکـەن و سیاسـەت و پانتاییّـک لـە کـردەوە و چالاکـی بگرنـە بـەر کـە لـە خزمەتـی ئـەم ئامانجـەدا بـێ. ئەمـە دەکـرێ وەک ئامانجی بـەر لە نەتەوەخـوازی ناوخۆییش پەسـند بکرێـت. بەپرواى نوسـەرى ئـەم وتـارە، یەکێـک لـە گرینگتریـن خالّەکانـی کـە پێویسـتە نەتەوەخـوازە فێمینیسـتەکان داکۆکـی لەسـەر بکـەن و بـە لەسـەرخۆیی و وشـیاریی لەگـەڵ نەتەوەخـوازە کۆنسـێرڤاتیڤەکان مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەن، ئـەم مژارەیـە. فیمینسـتەکان دەتوانـن نەتەوەخـوازی لـە جیاتـی ژنـان بگـۆڕن یان سـەر لەنـوێ پێناسـەیان بکەنـەوەو لەسـەر نەتەوەخـوازی کوردی دەتوانـن خـاوەن وتـە بـن و تەنانـەت کۆنترۆلیشـیان بکـەن.

لـەم روانگەیـەوە، دەور و ڕۆڵـی کۆمەڵایەتیتریـش کـە دەتوانـن ببنـە هـۆکاری ناهاوسـانی، دەتوانـن بـە ئەکتـەری سیاسـی و کۆمەڵایەتـی وت و وێـژ بکـەن و سـەر لەنوێ پێناسـەی بکـەن. ئەگەر ئێمـە تێگەیشـتنێکی نەتەوەخوازانەی ئەتنـو تـەوەر ڕەچاونەکەیـن، زۆرێـک لـە دەور و ڕۆڵـە کۆمەڵایەتیەکانیـش ئەگۆڕدرێـن. فێمینیسـتە کوردەکان لە سـەر ئـەم بنەمایـە دەتوانـن مشـت و مـری خۆیـان بـەردەام بکـەن و لایەنـی باوکسـالاری نەتەوەخـوازی پـەروەردە بکەن.

● دەرەنجام

سـەرەرای ئـەوەی ڕەنگـە فێمینیسـتە کـوردەکان و هەوڵدانەکانیـان سـەرکەوتنی بـەردەوام وەدەسـت نەهێنـن، بـەڵام دیسـانیش پێویسـتە فێمینسـتە کـوردەکان بـە نەتەوەخوازەکانیشـەوە دیالۆگـی خۆیـان نەپچڕێنیـن، بـە هـۆی ئـەوەی دەتوانـن لـە ئـاڵ و گۆڕکردنـی دیسکۆرسـی نەتەوەخوازانـەدا ڕۆڵ و دەوری تایبەتـی خۆیـان هەبـێ. گـەر فێمینیسـتە کـوردەکان خۆیـان لـە تـەواوی پەیوەندییەکانـی کۆمەڵایەتـی بـە ئـازادی پێناسـە ناکـەن، ئـەوە ڕەنگـە زۆر شـتێکی لوکـس بـێ کـە ناسـێنەی نەتەوەیـی خۆیـان پشـت گـوێ بخـەن. ئێمـە لـە سـەردەمێکا ئەژیـن کـە ڕووبەڕووبونـەوەی کولتـوری بـەردەوام کولتـوری نەتەوەیـی دەگـۆڕێ. یەکێـک لـە گرینگتریـن ئەکتـەرە کۆمەڵایەتیەکانـی پشـت ئـەم گۆڕانکاریانـە فێمینیسـتەکانن.[٢٢] فێمینیـزم تەنیـا هـزر و بیـری ژنـان توشـی ئـال و گـۆڕ نـاکات، بەڵکـو فێمینیـزم ئـەم توانسـتەی هەیـە بیروهـزری پیاوانیـش بگۆڕێـت. لایەنـی باوکسـالارانەی نەتەوەخـوازی ئەتوانـێ لـە ژێـر سـێبەری هەوڵدانـی فێمینیسـتەکاندا بوونـی هەبـێ. بـەڵام لـە نـاو هـەل و مەرجـی دژواریشـدا پێویسـتە فێمینیزمی کـوردی ڕەخنە لـە نەتـەوە خـوازی باوکسـالار بگرێـت و مافـی دەربڕینـی ڕەخنـەی لـە ڕوانگـەی خۆیـەوە بـە نیسـبەت ئەمـە هەبێـت و ئەمـەش سـەر لـە نـوێ پێناسـە بکاتـەوە. ئەگینـا پێکهێنانـی دیسکۆرسـی نەتەوەخـوازی تەنیـا لـە ژێـر مۆنۆپۆڵـی نەتەوەخوازەکانـی کۆنسـێرڤاتیڤ دەمێنێتـەوە، و ئەمـەش بـە واتـای ئەوەیـە فێمینیسـتەکانیش چاوپۆشـیان لـە دەوری

22- Herr, n.n.b.

خۆیان لە پێکهێنانی کولتوری نەتەوەیی کردووە. بە تایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ کوردستاندا، ئەم فکرەی کە دژایەتی نەتەوەخوازی مافە فێمینستەکان بەرەو پێشەو دەبات، گەر خۆپەرستی نەبێ، ئەوە ئەنجامەکەی دەبێتە دەستێوەردانێکی قوڵ. بە واتایێکی تر‌ەوە، هەڵوێستێکی لەم ڕەنگە بۆ هەر چەشنە لێکدانەوەیەک کراوەیە. فێمینیستە کوردەکانی دژە نەتەوەخوازی بەم هەڵوێستەی خۆیان دەکەونە ناو ریزی ئەو کەسانەی کورد بە نەتەوەخوازی تاوانبار ئەکەن، بەڵام لە بنەڕەتەوە ڕیگای ئەمە ئەدەن چاوپۆشی لە مافە گشتیەکانی خۆیان بکەن. هەر بۆیە پێویستە ئەمە دیاری بکرێت لە ڕزگاری ژنانەدا دەوری فێمینیزم بە هەر رادەیەک گرینگیش بێ، لە ڕزگاری گشت کوردەکانیشا، دەوری نەتەوەخوازی هەر بەم رادەیە خاوەن گرینگیە.